# ئەو عەریزەیەی فلیمی وەفیق سامەڕایی سوتاند

**عەلی مەحموود محەمەد**

2008–5–31

ناوەندی چاك لە یەكەمین ڕۆژەكانی دەست بەكاربوونییەوە , یەكێك لە كارەكانی ئەوەبوو فشار بخاتە سەر تاوانباران بۆ دەرخستنی زانیاری لەسەر تاوانی كۆمەڵكوژییەكان و دان نان بەو تاوانانەو ئاشكرا كردنی وردە كاری ئەو زانیارانە لەسەر پرۆسەی ئەو تاوانانە , وەفیق سامەڕائی ئەندازیاری بیر و كردەی ئەنفال یەكێك بووە لەوانە .

وەفیق سامەڕائی لەیەكەم ڕۆژەكانی هاتنی بۆ كوردستان , پاش ئەوەی پاڵەپستۆكان لەسەر ئەو ڕژێمە توند دەكرانەوە , ئومێدێك بە مانی ئەو ڕژێمە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تەنگ دەبووەوە , هەر لەو ڕۆژانەی كە وەفیق سامەڕائی وەك فریاد ڕەسێك بۆ سەرتاسەری عێراق سەیر دەكرا , هێزە سەربازییەكان دەخرانە بەردەستی , بەتالیۆن و تیپ و هێزەكانی پێشمەرگە لە خزمەتیدا بوون , بۆ ئەوەی كودەتای سەربازی لە بەغداد ئەنجام بدات , لایەنە سیاسییەكان دوارۆژی سیاسییان لەسەر نەخشەكانی ئەو بنیات دەنا , ئێمە " ڕێكخراوی ئاوارەو ئەنفالەكانی كوردستان " " ئەوانەی ماندوو بوون بەو كەمپینەوە سەربازی خۆم ( بەدرەدین حەمە ساڵح , مامۆستا فەرهاد خالید , فەلاح حەسەن , سەرهەد تۆفیق , عادل قەشقە , ڕزگار مام بۆرە .... "كەمپینمان دەكردەوە , وتمان ئەگەر وەفیق سامەڕائی ئەمڕۆ زانیارییەكان لەسەر تاوانی ئەنفال ئاشكرا نەكات , سبەی لە بەعس خراپتر بە كورد دەكات , دیارە دەربڕین و ئاشكرا كردنی زانیاری لەسەر تاوانی ەنفال , لە لایەن كەسێكەوە بە گووتەی تاوانبارانی ئەنفال , بۆ خۆی ئەندازیاری سەرەكی و نەخشە دارێژەری ئۆپەراسیۆنەكە بوبێت ئەستەمە .

ئەمانەی خوارەوە , بەشێك لە دەقی ئەو هەڵمەتەیە , بۆ فشار خستنە سەر وەفیق سامەڕائی , تەنها بۆ ئاشكرا كردنی چارەنووسی ئەنفالكراوان ئەنجامان داوە , لە ساڵەكانی 1995–1996 " كوردستانی نوێ , ئەمڕۆ , ڕێگای كوردستان –عەرەبی " بڵاوكراونەتەوە :



ڕێكخراوی ئاوارەو ئەنفالەكانی كوردستان
داوای چارەنووسی ئەنفالەكان دەكا لە
حسێن كامل و وفیق سامرائی



ڕێكخراوی ئاوارەو ئەنفالەكان داوای ئاشكراكردنی
چارەنوسی ئەنفال كراوەكان دەكەن.



الذين راحوا ضحية للعمليات الوحشية المسمات بالانفال وهذا لايتفق بدون شك مع الاعلانالعالمي لحقوق الانسان الصادر عام ١٩٤٨ باي شكل من الاشكال ويعتبر انتهاكا صارخا لابسط حقوق الانسان.

وفي الاونة الاخيرة وبعد الازمات المتلاحقة للنظام ترك بعض من عناصره صفوف النظام وهم كل من (حسين كامل وصدام كامل - وفيق السامرائي) ان هؤلاء وفي حوزتهم الاسرار الكاملة لعمليات الانفال السيئة الصيت بحكم مناصبهم في صفوف النظام انذاك وكذلك باعتبارهم ضمن الاشخاص الذين لهم باع طويل في هذه العمليات.

نحن باسم جميع جماهير كردستان نناشد سيادتكم للضغط عليهم للكشف عن مصير فلذات اكبادنا الذينراحوا ضحية جرائم صدام بأسرع وقت ممكن.

ان الكشف عن اسرار عمليات الانفال الاجرامية يمهد الطريق اكثر فاكثر لمحاكمة وادانة (صدام) وزمرته كمجرمي حرب وضد القيم والاعراف الانسانية.

مع فائق تقديرنا.

نسخة منه الى/

منظمة المهجرين والمؤنفلين الكردستاني

كردستان - اربيل ١٩٩٥/٩/١٩

- كافة وسائل الاعلام في كردستان

- كافة الوسائل الاعلام العالمية والعربية.

وكذلك أيدت المذكرة مجموعة كبيرة جدا من المنظمات الجماهيرية والمهنية وبعض المنظمات الخيرية.

وقد ايدت الاحزاب والمنظمات العراقية المدرجة اسماؤها اثناه مذكرة منظمة المهجرين والمؤنفلين الكردستانية واليكم نص تأديهم واسماء وتواقيع هذه المجموعة من الاحزاب.

ئەم واژۆیانە پارتی عێراقی , كوردستانی , دەسەڵاتدار لە دەرەوەی دەسەڵات , بە كوردی و عارەبی و زمانەكانی دیكەش بڵاو كرایەوە, ڕجا و تكای دنیامان لە كەسی نزیكەوە بۆی نارد , تەنها لەسەر چارەنووسی ئەو كەسوكارانەمان لێدوانێك بدات , نهێنییەك بدركێنێت , ئەگەر ماون كەسوكاریان دڵنیا بكاتەوە , ئەگەر مردوون دیسانەوە با ئەو چاوەڕوانییە ئەبەدییە كۆتایی پێ بێت , تاكو بەشێك لە كەسوكاریان ژیانێكی سەرلەنوێ دەستپێبكەنەوە و لە چاوەڕوانی ئەبەدی نەژێن , وەلێ تەنها وشەیەكیشی نەدركاند , ئاوڕێكی لێمان نەدایەوە , خۆی كەڕ و لاڵكرد , لەولاوە هەزاران هەزار كوڕ و كەسوكاری ئەنفالكراو خرانە خزمەتییەوە بۆكردە سەربازییەكانی , نە ڕجا دادی هەبوو , نە فیغان و پاڕانەوەی كەسوكاری قوربانیان , لە كەلی شەیتان نەهاتە خوارەوە , یەك وشەشی لەسەر ئەنفال نەوت , ئادرەسی یەك گۆڕی نەدركاند , ئەمە چ دڵڕەقییەكە , ئەمە چ بەعسییەتییەكە نهێنییەكان تا ناو گۆڕ بپارێزیت .

## لە پاڕانەوەوە بۆ شەرمەزاركردن

وەفیق سامەڕائی بە پەیوەست بوونی بە ڕیزەكانی ئۆپۆزسیۆن لە هەموو تاوانەكانی پاك نابێتەوە , ئەگەر لایەنی سیاسی لە مافی خۆیان بە بەرژەوەندی خۆیان خۆش بن , ئەوە دادگاییە دەتوانێت پاكی ئەو و بێبەریبوونی لە تاوانەكان یەكلا بكاتەوە لە بەرامبەر مافی قوربانیان , لێبوردنی كەسوكاری قوربانیان تەنها لە ئەنجامگیری بڕیاری دادگایەكی سەربەخۆی ئازادەوە دەبێت بەوەی بڕیار لەسەر بێتاوانی گومانلێكراو بدات .

لە ساڵی 2002 ەوە گەشت و هەڵمەتی ئاشكراكردنی تاوانەكانی وەفیق سامەڕائی لە لایەن كەمپینی هەڵەبجە و ئەنفالەوە دەستپێكرد , هەر لەو كاتەشدا لایەنە شیعەكان بەهۆی پشكداری ناوبراو لە سەركووتی ڕاپەڕین و

بەشداریکردنی لە سەرکووتکردنیان , دەستیانکرد بە هەڵمەتی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر تاوانەکانی ناوبراو و شەرمەزارکردن و بەرەو دادگاییبردنی , بۆ ئەو مەبەستەش ئەو فایلانەی پەیوەست بوون بە تاوانەکانی وەفیق سامەڕائی دران بە کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال " کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال ناوی سەرەتای دەست بەکاربوونی ناوەندی چاك ە " , هاوکات پەیوەندی بە پارێزەرەوە کرا لە لەندەن بۆ تۆمارکردنی سکاڵای فەرمی لەسەری .

نموونەیەك لەو تاوانانەی , لە کاتی خۆی بڵاومانکردەوە لەسەر وەفیق سامەڕائی " بەناوی خوای گەورە و میهرەبانەوە ئیفادە من رائید پیادە عەبدولستار حوسێن عەبود ئەلحمیریم کە لە فرقەی (28) دانراوم سەر بەلیوای پیادە(705) ی فەیلەقی یەکەم ، بەو پێیەی کە وەکیلی ئامر فەوجی یەکەم و ئەفسەری پەیوەندی بە کەرتەکانەوە بووم ، بەڵێن دەدەم لەبەردەم دادگای نێودەوڵەتی بۆ دادگایی کردنی تاوانبارانی جەنگ وقەڵاچۆکردنی رەگەزی مرۆڤ ئامادە بم بۆ ئیفادە دانم ، چونکە من شایەت حاڵی پرۆسەکانی لەناوبردن و کوشتن و وێرانکردن بووم لەشاری هەڵەبجەو لە کردەوەکانی ئەنفال و ئامادەشم بۆ زانیاریدان و بەناوەکانەوە لەبارەی ئەو تاوانانەوە. ئیفادە پلە: رائید( پیادە) ناو: عەبدولستار حوسێن عەبود ئەلحمیری پۆست: وەکیلی ئامر فەوجی یەکەمی ئەفسەری پەیوەندی کەرتەکان یەکە : لیوای (707) فرقەی (28) فەیلەقی یەکەم دەمانەوێت تەواوی ئەو زانیاریانەی کە تایبەتن بە تاوانەکانی لیوای روکن وەفیق سامەرائییەوە رابگەیەنین: * لەساڵی (1990) وەکو بەرپرسی لێژنەو هۆبەی لێکۆڵینەوەی ورد دامەزراوەو کاتێکیش راپەرین کراوە ، سەدام فەرمانی پێکەێنانی ( لێژنەی ئیعدامات) ی لە ناوچەکانی باکوور بەسەرۆکایەتی لیوای روکن وەفیق سامەرائی داوە ، ئەو لێژنەیە ژمارەیەك ئەفسەری ئیستخباراتی لەخۆگرتبوو لەوانەش عەمید مەروان خزەیر کازم کەناویراو بە فەرمانی وەفیق سامەرائی ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیانی کوردی لە ئافرەت و منداڵ هێناوە کە ژمارەیان زیاتر لە (450) کەس بووە و لە مەعسکەری خالید ئیعدام کراون و بۆ شاردنەوەی ئەو گۆرە بەکۆمەڵەش بارەگای قوتابخانەی لێکۆڵینەوەی مەعسکەری خالیدیان لەسەر بنیاتنناوە . *

لەدوای دەرچوونی سوپای عێراقی لە کوێت ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی ئیستخباراتی عەسکەری بە لیوای روکن وەفیق سامەرائی سپێردرا لەجێگەی بەڕێوەبەری پێشوو ( تەڵعەت نووری )، یەکەم کردەوەش کە وەفیق سامەرائی ئەنجامی دا گومان کردن بوو بە سەرکردە عەسکەرییەکانەوە لەوانەش لیوای روکن ( عیسمەت سابر) سەرۆکی ئەرکانی کردەوەکانی کەنداوی عەرەبی ، و بەهۆی ئەو راپۆرتانەش کە سامەرائی لەسەری نووسیوە و بۆسەدامی بەرزکردۆتەوە ، لیوا روکن عیسمەت سابر ئیعدام کراو کۆمەڵێك ئەفسەری دیکەش دەستگیرکران لەوانەش لیوای روکنی ئەوکات کامل ساجت ئەلجەنابی.

* لەبارەی راپەرینەکەی قەزای سدەتولەیندییەوە ، ئەوا لیوا روکن وەفیق سامەرائی سریەی یەکەمی لە سەرکردایەتی هێزەکانی ئەلعابد ( حەرەس جمهوری) ئیعدام کرد بەهۆی ئەو گۆمانەی کەلە ئامری سریەکە موقەدەم ( عەبدوڵڵا ترکی حەتحوت ) هەیبوو ، بۆیە ئەو تەواوی سەربازانی سریەکە ئیعدام کران.

ئیفادەی موستەشارە کوردەکان ئیفادەی (م. گ. ش) : لە بەرواری (1988/6/10) موختاری گوندی کەندك جەلال لە قەزای زاخۆ بە رائید ئەحمەد حەسەن مستەفا ئەفسەری ئیستخباراتی سەرکردایەتی هێزەکانی عومەر عەبدولعەزیز راگەیاند کە (19) هەڵاتوو ئەوانەی کەدەیانەوێت بگەڕێنەوە گوندەکانیان بەگوێرەی بڕیاری لێبوردنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشەوە. رائید ئەحمەد حەسەن بەهێزێك کە لە چوار سریەی مغاویر پێکهاتبوو گەیشتنە گوندەکەو داوی ئەوەی بەفێل ئەوانەی لەوە دڵنیا کردەوە کە بڕیاری لێبوردن دەیانگرێتەوە ، هەر (19) کەسەکە تەسلیم بوون ، رائید ئەحمەد حەسەن مستەفا رێنماییەکانی ئامری مەفرەزی ئیعدام ( وەفیق سامەرائی ( خوێندەوەو هەر لەوێش ئەو (19) کەسە ئیعدام کران.

ئیفادەی موستەشار (ا.ا. ح. الب): لەسەرەتای قەسابخانەکانی ئەنفالەوە ، وەفیق سامەرائی فەرمانی دا بە عەمید محەمەد یاسین ئەلجبوری ئامری هێزی دووەمی لە تەق تەق بە وێرانکردنی گوندەکانی سەر بە کۆیە و دەستبەسەرداگرتنی مەڕو ماڵات و کۆکردنەوەی خەڵکانی ئەو گوندانە و گواستنەوەیان بۆ بارەگای سەرکردایەتی فەیلەقی یەکەم، ژمارەی ئەو گوندانەش (20) گوند دەبوون . رائید سلێمان بەڕێوەبەری هۆبەی مەنزوومەی باکوور لە هەولێر (1984–1991) لەنێو ئەو دەستبەسەرانەی ئەو گوندانەوە دەگەڕاو گومانی لە کوێ بکردابوایە دەستگیری دەکرد و بەپێی فەرمانەکانی وەفیق سامەرائییەوەش یەکسەر حوکمی ئیعدامی بەسەر جێبەجێ دەکرد ، بۆیە لەپێش چاوی خەڵکی و بە وجوودی منیش دوو کەس ئیعدام کران بەناوی: 1ـ حاجی جاجی ئاغا. 2ـ مەعرووف ئیسماعیل رەزا. " .

**بڵاوکردنەوەی چەند جارەی ئەم ئیفادانە , بە زمانی کوردی و عەرەبی , ویژدانی پارتە کوردییەکانی نەجوڵاند , واداریانی نەکرد بەوەی دەست لە هاوکاری و پشتیوانی ئەو هەڵبگرن تاکو لە ڕێگەی دادگاوە ئەم گومانانە یەکلا دەبنەوە , کار گەیشتە ئەوەی لە ئەنجامدا بە دەنگی کەسوکاری قوربانیان , ناوبراو یەکێك لە پۆستە گرنگەکانی لە عێراقی نوێدا , لەسەر بەشی کورد وەرگرت , ئەمەش شەرمزارییەکی دیکەی بۆ دەسەڵاتی کوردی تۆمار کرد .**

# بۆچی دان بە تاوانەکان نانێن ؟

ئەم تاوانانەی ئاماژەمان پێیان دا لە سەرەوە , لەگەڵ ئەو بەتاوانبارکردنەی لە دادگا لەسەر زاری تاوانکارانی ئەنفالەوە ڕاگەیەنران , دەکرێت لە دادگا یەکلا بکرێنەوە , وە خاوەند ئیفادەکانیش بانگ بکرێن بۆ دادگا , لە ڕاستی شایەدییەکانیان بکۆڵرێتەوە , مەرجیش نییە هەموو ئەم ئیفادانە لە دوای لێکۆڵینەوە ڕاست دەرچن , یاخود وەفیق سامەڕائی تاوانباری یەکەم بێت لە ئەنجامدانیان و بکەریان بێت , وەلێ لە ئاکامی لێکۆڵینەوەو دەرکەوتنی ڕاستیەکان , کەسانێك دەردەکەون لە پشت ئەنجامدانی ئەم تاوانانەوەن , گرنگ ئەوەیە خودی تاوانەکان ئاشکرا بکرێن , تاوانبار هەر کێیەکە سزای خۆیان وەربگرن , کورد هیچ کێشەیەکی شەخسی نە لە گەڵ وەفیق سامەڕائیدا هەیە نە کەسی دی .

ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە بەرپرسانی سەربازی و ئەمن و ئیستخباران و بەعسی گلاونەتە ئەو تاوانانەی بەرامبەر بە نەتەوەی کورد ئەنجامدراون , یەکێك لەوانەی گریمانەی ئەوەی لێدەکرێت ڕۆڵی پێشەنگانەی لە ئەنجامدانی ئەو تاوانانەدا هەبوبێت , بە حوکمی جێگە و پێگەکەی لە هەرەمی دەسەڵاتداریدا وەفیق سامەڕائییە , وەلێ مخابن لە خوێنی کورد هەرزان فرۆشتر نییە , وەك بینیمان .

# سکاڵا تۆمارکردن لە وەفیق سامەڕائی

پارساڵ لە گەشتەکەم بۆ کوردستان هێشتا ماندوویەتی ڕێگام نەحەسابوەوە , لە ئاکامی **4** ڕۆژ گەشتی بەردەوامی شەو ڕۆژ ڕێکردنی بێپشوو و بەردەوامی ناو ئۆتۆمۆبێل , لە هۆڵەنداوە تاوەکو کەرکوك , لە ناکاو زەنگی تەلەفۆنەکەم لێی دا , وتیان ڕاستە بەڕێزت هاتوویتەتەوە بۆ کوردستان بۆ بە دادگاییگەیاندنی وەفیق سامەڕائی ؟, وەك لە مانشێتی ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرتدا نووسراوە ", گوایا وەفیق سامەڕائی لە لایەن ئیوەوە دەدرێتە دادگا " پرسیارێك لە ناکاو بوو بۆ من و قەت لەو لەحزەیە چاوەڕوانیم ناکرد , وە خۆشم ئامادە نەکردبوو بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری قورسی لەو چەشنە , بێ دوو دڵی وتم : بەڵێ ڕاستە , هەرچەندە ئەو ژمارەیەی کوردستان ڕاپۆرتم بەرچاونەکەونبوو کەهەواڵەکەی بڵاوکردبوەوە , پێش گەڕانەوەم بۆ کوردستان , قسەیەکی سەرپێی وامان کردبوو لە گەڵ قادر نادر و لە کۆبونەوەی ناوەندسش , وەلێ ئاگام لە بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵە بەهیچ جۆرێك نەبوو , وە چاوەڕوانیشم ناکرد , پرسیشیان پێم بکردایە نام هێشت بڵاوبکرێتەوە , , بەتایبەتیش لە مانشێتی ڕۆژنامەیەکەوە ڕابگەیەنرێت , هەواڵەکە زۆر گران بوو بۆ من و خستمیە بەردەم هەوڵی جدییەوە بۆ بە پراتیککردنی , بۆ هەنگاوی یەکەم دەبوایا پارێزەر پەیدا بکرێت , ئەمەش گران بوو بتوانرێت پارێزەرێك پەیدا بکرێت , بۆ بە دادگایی گەیاندنی کەسایەتیەك " موستەشاری سەرۆك کۆمار بێت " , کەس لە پارێزەران ئامادە نەبوون شان بدەنە شانی ئەو کەیسە گەورەیەوە , برادەرێك کە زۆر قسەی گەورە لە بارەی ئەنفالەوە دەکات , بە پێی وتەیەکی خۆی کەس شان لە شانی نادات بۆ کارکردن بۆ ئەنفال , پێم وت : خەریکی کارێکی وام , وتی تەداخولی کاری وا ناکەم , بە پەلە گەڕامەوە هەولێر بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکە و بە پراتیك کردنی هەواڵەکە . قادر نادر کە سەرچاوەی

مانشێتەکەی کوردستان ڕاپۆرت بوو وتی : کاك گۆڤەند بابان ئامادەیە پارێزەریمان بۆ بکات بە خۆڕایی , منیش لە دوای گەڕانەوەم بۆ هەولێر , یەکسەر چووم بۆ لای کاك گۆڤەند و وەکالەتێکم بۆی کرد :


هەرێمی کوردستانی عێراق
وەزارەتی داد
فەرمانگەی دادنووسی دووەمی هەولێر

نموونە: ١٢
ژمارەی گشتی:
ژمارە:
رێکەوت:

بریکارنامەی گشتی

نابێت بۆ مێژوو ئەوەشم لە یاد بچێت , هاوڕێی خۆشەویستم " رزگار مام بۆرە " لەو سەفەرە سەربەرزییە , وەك هەمیشە تا سەر هاوڕێم بوو , یەك لەحزەش لێم دانەبڕا , تاکو تەواوی کارەکانم ئەنجامدا .

لە بازاڕەوە کە چووین بۆ سەر ڕێی کۆیە بۆ فەرمانگەی دادنووسی دووەمی هەولێر , شۆفێری تاکسییەکە کرێی ڕێگاکەی لێمان نەسەند , وتی دەتناسم و دەست خۆش بۆقسەکانت هەموو جارێك لە تەلەفزیۆنەوە دەیانکەیت , چوینە لای عەریزە نووس هەقی دەستیان نە سەند وتی سەربەرزم بە نووسینی ئەم عەریزەیە , خاوەند فۆتۆکۆپی بە هەمان شێوە وتی : لە ئاست ئەم کارە گەورەیە چۆن پارە وەردەگرم , ڕێمان دەکەوتە لای هەر کێیەك بۆ تەواوکردنی کارەکە , هەمووی دەرگای دڵیان بۆمان دەخستە سەر گازی پشت و کارەکەیان بێ بەرامبەر بە خۆڕایی ئەنجامدەدا , هەموو لە ئێمە گەرمتر بوون بۆ دۆزەکە , بە پەرۆشتر بوون بۆ ئەنجامدانی کارەکە , لە دوای هەریەکە لەوان منیش توندترو بە پەرۆشتر دەبووم لە جاران بۆبە ئەنجامدانی .

ڕێك بۆ ڕۆژی **6-12-2006** , کاتژمێر **10,37** خولەك لە دادگای هەولێر و کابینەی عەریزە نو وسی و فۆتۆکۆپییەکانەوە , ئەم سکاڵایەمان نووسی , بە هەمان شێوەی ئەوانی پێشووتر , تایپێست و خاوەند کۆپییەکە بێبەرامبەر ئەنجامیان دا , وەك لە خوارەوە ناوەڕۆکەکەی هاتووە , عەریزەیەکی تاکو بڵێی سادە , وەلێ تاکو بڵێیت کاریگەر , عەریزەیەك لە دەرگایەکی بەرینەوە چووە مێژووی دادگایی تاوانبارانەوە , بۆ هەتا هەتایە سکاڵا لێکراوی خستە ڕیزی تاوانبارانەوە , تەنها دادگایەکی ئازادی سەربەخۆیە دەتوانێت پاکی بکاتەوە لێی :



السيد رئيس محكمة التحقيق الجنائية الخاصة في اربيل المحترم

الموضوع / تحريك الشكوى

للفترة من شهر شباط ولغاية شهر ايلول ١٩٨٨ قامت كافة القوات المسلحة العراقية ومرتزقتهم التابعة لنظام صدام حسين بشن حملة عسكرية ضد الكورد في اقليم كوردستان سموها بـ ( عمليات الانفال ) لابادة الشعب الكوردي ، وبعد بدء محاكمة بعض رؤوس النظام السابق فأن المتهم ( حسين رشيد التكريتي ) والذي كان معاون رئيس اركان الجيش العراقي سابقا افادة اثناء محاكمته امام المحكمة الجنائية الخاصة بان المتهم (وفيق السامرائي) والذي كان مدير الاستخبارات العسكرية العامة أنذاك، هو الذي اقترح فكرة القيام بحملة الانفال ضد الشعب الكوردي وحيث ان ذلك يشكل جريمة وفق كل القوانين والتشريعات السماوية والانسانية.

عليه نطلب من محكمتكم الموقرة تحريك الشكوى الجزائية والقانونية بحقه وبحق كل من ورد اسمه في التحقيق واشترك معهم في الحملة المذكورة.

وفقكم الله خدمة للعدالة ولنصرة الشعب الكوردي المظلوم

علي محمود محمد
المشرف العام على مركز حلبجة
لمناهضة الانفلة والجنوسايد
للشعب الكوردي ( چاك )
اضافة لوظيفته

[illegible]

چەند خولەکێك لە کاتژمێر **12** ی نیوەڕۆ لایداوە , بە پەلە لە ترسی تەواو بوونی دەوام , لەگەڵ هاوڕێ هەمیشەییە خۆشەویستەکەم " ڕزگار مام بۆرە " , بە پەلە تاکسییەکمان گرت و سکاڵاکەمان برد بۆ نووسینگەی هەولێری دادگای باڵای تاوانەکان , لەوێ سکاڵانامەکەیان زۆر بە سارد و سڕی و سادەیی لێم وەرگرت , لە کارەکە کەوتمە گومانەوە , لە دڵی خۆمدا وتم ئایا بەم سادەییە سکاڵا لە کەسایەتییەکی وا گەورە دەکرێت ؟ , بەو بەڕێزەی سکاڵاکەی لێم وەرگرت وتم : پارچە کاغەزێکم بدەنێ لە بەرامبەر ئەم سکاڵایەی تۆمارم کردووە , ئەو بەڕێزەی سکاڵانامەکەی لێم وەرگرت وتی : بە سەرچاو , خەمت نەبێت دەیگەیەنینە جێگەی خۆی , ئەم پارچە کاغەزۆکەی خوارەوەشی پێم دا :



استلمنا الطلب المقدم من قبل السيد
علي محمود محمد [illegible] تحريك الشكوى
ضد المتهم وفيق السامرائي [illegible] 6/12/2006
[illegible]

Iraqi High Tribunal

که ئەو پارچە کاغەزۆکە سادەیەم بینی , زیاتر کەوتمە گومانەوە , لیّ ئێستا **6-12-2006** کاتژمێر **12,43** خولەکەو بە فەرمی سکاڵا لە ئەندازیاری ئەنفال وەفیق سامەڕائی تۆمار کراوە , دادگا ڕەوتی ئاسایی خۆی وەرگرتووە , لە دوای گەڕانەوەم لە کوردستانەوە بۆ هۆڵەندا , ناوەندی چاك بەیاننامەیەکی لەسەر ئەم سکاڵایە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاو کردەوە , خۆشبەختانە ڕۆژنامەی شەرق ئەوسەتی لەندەنی , ڕۆژی دواتر بەیاننامە عەرەبییەکەی بڵاوی کردەوە , هاوکات بەندەش , چەندین جار پەیوەندیم کرد بە دادگای باڵای تاوانەکانەوە , ڕایان گەیاند سکاڵاکەمان گەیشتووەتە جێگای مەبەست .

کاتێك دادگای باڵای تاوانەکان بڕیاری دادگای لەسەر تاوانباران خوێندەوە , لیستی بانگ کراوان بە وەفیق سامەڕائی دەستی پێکرد , ئەمەش دەربڕی ئەوە بوو , سکاڵای هەموو هاوولاتییەك لە بەرامبەر هەر دەسەڵاتدارێك چەندە بەرز بێت شوێن خۆی دەگرێت , دادگا بەرامبەر بە هەموو تاکەکان یەکسانە , وەلیّ کاتێك بە بیّ لێپرسینەوە, تاوانکار بێتاوان کرا و لیستی داواکراوان لەبیرکران , دەربڕی گاڵتەجاڕی دادگا و دەستێوەردانی بێشەرمانەی سیاسییەکان بوو لە کاروباری دادگا و قومارکردن بوو بە مافی قوربانیانەوە , ئەمەش بەشێکە لە پرۆسەی گەمە کردن بە بڕیارەکانی دادگا و لە گۆڕانی دادپەروەری , جێبەجێنەکردنی بڕیاری دادگا لە سەر تاوانکاران و بێتاوان کردنی وەفیق سامەڕائی و بانگ نەکردنی ئەوانەی وەك تاوانبار ناویان هاتبووەوە هەموو دەچنە یەك خانەوە , ئەم بڕیار و کردارانە لە لایەن کەسوکاری قوربانیانەوە بە توندی ڕەتکراوەیە , کردەی قێزەونی لەم چەشنەش مایەی شەرمەزارییە .

لە دوای ئەوەی وەفیق سامەڕائی ناوی لە ڕیزی لیستی تاوانکاران وەك گومان لێکراو هاتەوە , لە عێراق هەڵات , لە هەموو بۆنەو دانیشتن و چاوپێکەوتنەکان بزر بوو , لە ژیانی سیاسی ئەم وڵاتە فڕێدرایە دەرەوە , شوێن ژیان خۆی گۆڕی و تاکو ئێستا لە ئادرەسێکی نادیار دەژێت , لیّ تازە بۆ هەتا هەتایە تارمیایی ئەنفالکراوان بەسەر سەرییەوە دەبن و بڕیاری نارەوای دادگا و شەفاعەتی خیانەتکارانەش لە لێپرسینەوە ناپارێزن , دەستی دادپەروەری هەر پێی دەگات , هەنگاوی یەکەم لە ڕێگای ئەم عەریزە سادەیەوە , لە ژیانی سیاسی عێراق ناوی سڕایەوە , تاکە پاکبونەوەی تەنها لە ڕێگای بێتاوانکردنییەوە دەبێت لە دادگایەکی ئازادی بێلایەن .

http://www.kurdistanreport.com/newspaper/2007/06_Jun/236/kr_01.pdf
http://www.kurdistanreport.com/newspaper/2007/06_Jun/236/kr_03.pdf
http://www.aawsat.com/details.asp?section=4&issue=10301&article=405730
http://www.elaph.com/ElaphWeb/Politics/2007/4/223053.htm